# ناوەڕۆك


- شەفافییەت........................................................ 3
- ڕێکخستن........................................................ 10
- پەیوەندییەکان................................................... 18
- ئەرك و مافەکان................................................. 26
- ئەرشیف.........................................................45
- نوسینی ڕاپۆرت و یاداشتنامە.......................................56

# پێشەکی

پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان و ئاڵۆزبوونی کایە و بوارە جیاوازەکان، وایکردووە بەڕێوەبردنی کاروبارە کارگێڕییە فەرمی و نافەرمییەکان، پێویستی بە توانا و کارامەیی و لێهاتووییەکی زۆری سەرچاوە مرۆییەکان هەبێت. لە سۆنگەی ئەم گرنگییەوە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی/ئەنیستیتۆی کوردستان بۆ کارگێڕی گشتی (KIPA)، لەسەر راسپاردەی بەڕێز وەزیری پلاندانان، پرۆژەیەکی ئامادەکردووە بۆ فەرمانبەر تازە دامەزراوەکان لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە مەبەستی ئاشناکردنی فەرمانبەران بە بنەما سەرەکییەکانی بواری کارگێڕی، ئەمەش لە پێناو بەرزکردنەوەی توانا و لێهاتووییان لە کارەکانیان و باشترکردنی ئەدایان، ئامانج لە هەموو ئەوانەش باشتر خزمەتکردنی هاوڵاتییانی کوردستانە، پرۆژەکەش بەمشێوەیە جێبەجێ دەکرێت:

- ئامادەکردنی راهێنەر بۆ ئەو وەزارەتانەی کە پێیانباشبوو خۆیان ئەم خولانە بۆ فەرمانبەرە تازە دامەزراوەکانیان ئەنجامبدەن، ئەمەش لەژێر چاودێری و بەدواداچوونی وەزارەتی پلاندانان ئەنجام دەدرێت.

- کردنەوەی خول بۆ ئەو وەزارەتانەی کە خوازیاربوون لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە خول بۆ فەرمانبەرە تازە دامەزراوەکانیان بکرێتەوە.

سەبارەت بە لایەنی یەکەم، وەزارەتی پلاندانان دوو خولی راهێنانی راهێنەرەکان (TOT) ئەنجامدا، بۆ پاڵێوراوانی ئەو وەزارەتانەی کە بابەتی نێو ئەم رێبەرە دەڵێنەوە لە خولەکانی راهێنانی فەرمانبەرە تازەکان. ژمارەی بەشداربووان تیایدا (35) بەشداربوو بوو لە (8) وەزارەتدا.

هەرچی لایەنی دووەمە، وەزارەتی پلاندانان بەپێی خشتەی خولەکان و بەشێوەیەکی بەردەوام و لە چوارچێوەی پرۆگرامی خۆی بۆ ساڵی 2011 خول بۆ فەرمانبەرە تازە دامەزراوەکانی فەرمانگەکان دەکاتەوە، لەرێگای راهێنەرەکانی خۆیەوە، بە پشت بەستن بە هەمان ماددەی راهێنان.

ئەو رێبەرەی کە پێشکەش دەکەین، مادە زانستییەکانی خولەکانی راهێنان لەخۆدەگرێت، بابەتانەکان دەخرێتە بەردەستی راهێنەرەکانی وەزارەتەکان، لە کۆتاییشدا پێویستە سوپاسی ئەو بەڕێزانە بکەین کە بەشداریانکردووە لە ئامادەکردنی ئەم رێبەرەدا

*بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەرەپێدانی مرۆیی*

١

# شەفافییەت

# شەفافییەت/ نەزاهەت / گەندەڵی کارگێڕی

## شەفافییەت:

بریتییە لە پرەنسیپی دروستکردنی ژینگەیەك، کە تیایدا ڕێوشوێنە کارگێڕیو زانیارییەکانی پەیوەست بە بڕیارو کارەکان فەراهەم دەکرێتو لێی دەڕوانرێت، بەشێوەیەك میتۆدی فەراهەمکردنی زانیارەکانی پەیوەست بە بەڕێوەبردنی دامەزراوە ناسراو دەبێت لەڕێگای بڵاوکردنەوەی لە کاتێکی گونجاودا، کرانەوە بەسەر ئەو لایەنانەی کە پەیوەندارن بەم کارانە.

## پاکێتی (پاکی)

ئەمە چۆنییەتی ئەدای کارەکانی دامەزراوەیە بەپێی بەهاو پرەنسیپە باشەکان، بە پەیڕەوکردنی شێوازە بێلایەنەکان، ئەمەش ئامانجی بەرژەوەندی گشتیو خزمەتکردنی کۆمەڵگایە، بە چاوپۆشین لە بەرژەوەندی کەسیو جیاوازییە تاکییەکان.

## دڵنیایی جۆری

بریتییە لەو کۆمەڵە چالاکییەی کە دامەزراوە بەجێی دەگەیەنێت بۆ دڵنیابوون لە ئامادەبوونی پێوەرەکان لە هەر بەرهەمێك، یاخود خزمەتگوزارییەك، کە بە شێوەیەکی سیستەماتیکانە پێی دەگەن. ئامانجی دڵنیایی جۆری بەردەوام خۆ دوورگرتنە لە کەوتنە ناو هەڵەو قەدەغەکردنی شکستە لە بەرهەم، یاخود خزمەتگوزارییەکان. بەشێوەیەکی وردتر، چەمکی جۆرێتی هەموو شتێکی باشو بەها بەرزە. دڵنیاییش چۆنییەتی پارێزگایکردنە لەم جۆرێتییە. دڵنیایی جۆری بە یەکێك لە ئەولەویاتەکانی بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت.

## پێداویستییە سەرەکییەکانی نەزاهەت و شەفافییەتی کارگێڕی:

1. پابەندبوون بە کرانەوە و روونی و دەستپاکی، لەوەی کە پەیوەستە بە دامەزراوەو پەیامو سیاسات و چالاکییەکانی ئاستەکانی کارگێڕی، بەشێوەیەك رێگا دەدات بە لێپێچینەوەی جیددی لە دامەزراوەو فەرمانبەرەکانی، لەوەی کە پەیوەستە بە مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە پەیوەندیدارن بەم پرسە.
2. کارکردن بە چەندین رێوشوێنی روون و راگەیاندراو، پشت بە سیستەمێکی کارگێری روون دەبەستن کە پەیوەستە بە سیاساتی دامەزراوە بە سەرجەم لایەنەکانی کارگێری و دارایی و گەشەپێدان.
3. پابەندبوون بە سیاسەتێکی روون بۆ بڵاوکردنەوەو راگەیاندن کە بانگهێشتکردنیش لە خۆدەگرێت، یاخود توانای ئاگاداربوون لە هەموو ئەو شتانەی کە پەیوەستن بە بونیادی دامەزراوەو کارەکانی، لەرێگای دارشتنی بریاری کارگێری، یاخود رێساو رێوشوێنگەلێکی روون، کە کۆدەنگی لەسەر هەیە، لەوەی کە پەیوەستە بە بڵاوکردنەوەی زانیارییە زارەکی و نوسراوەکان، یاخود بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی کۆگاکراوە.
4. بەڵێندان بە دەستەبەرکردنی زانیارییە دروستەکان بۆ جەماوەی گشتی بە بەرزترین ئاست لەووردی، هەروەها بۆ ئەو دامەزراوانەی کە راستەوخۆ پەیوەندارن بە جەماوەرەوە، ئەمەش بە تایبەتکردنی فەرمانگەیەك، یاخود یەکەیەکی تایبەت بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە لە پێناو فەراهەمکردنی کەناڵی پەیوەندی بەستان بە جەماوەرو وەرگرتنی ئەو رێوشوێنانەی کە بەوردی ئەو زانیارییانە فەراهەمدەکات کە پەیوەستە بە کاری دامەزراوە، دەستپاکی و ئاسانی پرۆسەی نمایشکردنی زانیاری و شیکردنەوە مسۆگەر

5. بكات، بۆ ئەو كەسانە پێشكەشی بكات كە دەیانەوێت، ئەمەش بەپێی ڕێوشوێنە روونو ڕێكخراوەكان ئەنجام دەدرێن.
6. بەڵێندان بە پاراستنی نهێنی زانیارییە كەسییەكانی پەیوەست بە كاروباری فەرمانبەرەكان، ئەگەر كەسە پەیوەندیدارەكان دەستبەردای ئەو مافە نەبوون، یاخود یاسا پێویستی بە ئاشكراكردنی ئەو زانیارییانە هەبێت.
7. ڕێوشوێنی نوسراوو ڕاگەیاندراو بگیرێتەبەر، تاوەكو سەرچاوە مرۆییەكان لە دامەزراو بپارێزرێت لە مومارەسەكردنی ناپیشەیی لە نێوشیاندا بنەمای كاركردن، هەڵسەنگاندن، ڕاهێنان و پلەپێدان، ڕیزبەندی موچەكانو میكانیزمی جێبەجێكردنو یاساو ئەو ڕێنماییانەی كە بەپێی ئەمەوە كاردەكەن.

## ڕێگاكانی پاڵپشتیكردنو باشتركردنی نەزاهەتو شەفافییەت

چەندین ڕێوشوێنو شێواز هەن بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی شەفافییەت لە ئەداكردنی یەكە كارگێرییەكان، مادام ویستێكی ڕاستەقینە هەبێت بۆ دەستەبەركردنی ئەمە لای لایەنە پەیوەندیدارەكان، ئێستاش گرنگترینیان باسدەكەین:

1. پاڵپشتیكردنو گەشەپێدانی سیستەمی یاسایی دامەزراوەو توێژینەوەكردنی بەراوردكاریو ڕاسپاردن بۆ دارشتنی یاسای تازە، بەشێوەیەك شەفافیەتی زیاترو گەشەپێدانی میكانیزمی روون دەستەبەر بكات، كە بەهۆیەوە ئەو یاسایانە پراكتیزە دەكرێت.
2. دروستكردنی لێژنەی تایبەت بە نەزاهەت لە دامەزراوە جیاوازەكان، ئەمەش لەڕێگای پەرەپێدانی مومارەسەی ئەخلاقی كارگێری و پابەندبوون بە بەها لە ئەداكردنی ئەركە جیاوازەكاندا، ئامانجی ئەو لێژنەیە زاڵبوونە بەسەر كێشە داراییەكانو بەرەنگاربوونەوەیانە لەحاڵەتی ڕوودانی، لەپاڵ چارەسەكردنی تەمێكاری جیاواز، هەروەها حاڵەتەكانی خراپ بەكارهێنانی دەسەڵاتو گەندەڵی كارگێڕی.

3. جەختکردن لەسەر ڕەهەندی ئەخلاقی لە جەنگان لەدژی گەندەڵی. چونکە زۆربەی حاڵەتەکانی گەندەڵی بە نهێنی بە کارامەییەکی زۆر باڵا ئەنجامدەدرێن، لەژێر سایەی ئەو نهێنیی‌و سود وەرگرتنە لە پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیی لە ڕووپۆشکردنی گەندەڵی، دژوار دەبێت یاساو ڕێسا دابنرێت، کە بەهۆیەوە بکرێت بەشێوەیەکی تەواو شێوازەکانی گەندەڵی لەناوببردرێت، بەڕوونی ڕۆڵی ئەو بەها کۆمەڵایەتیی‌و ئەخلاقییانە دەردەکەوێت کە لە ڕێنماییە ئایینیەکان وەردەگیرێت بۆ لەناوبردنی گەندەڵی. بێگومان پرەنسیپە ئاینییەکان لە تەواوی ئایینە ئاسمانییەکان بانگەشە دەکەن بۆ فەزیلەت‌و پابەندبوون بە ئەخلاق‌و هەڵسەنگاندنی خود لە سەرجەم لایەنەکانی ڕەفتاری مرۆییدا.
4. ئامادەکردنی ژینگەیەکی تەندروست بۆ کار، کە لەسەر سێ تەوەر وەستاوە، ئەوانیش (ڕەزامەندی فەرمانبەران، بەدواداچوونی بابەتیی‌و بڵاوکردنەوەی ڕۆحی بە کۆمەڵ). بێگومان ئەو فەرمانبەرەی کە ڕەزامەندی وەزیفی بەدەستدەهێنێت، زیاتر لەوانیتر سوور دەبێت لەسەر پابەندبوون بە مومارەسە تەندروستەکانی کارگێڕیی‌و لە مومارەسەکردنی گەندەڵی دووردەکەوێتەوە. هەروەك بەدواداچوونی بەردەوام بۆ ئەدای فەرمانبەرەکان لە قۆناغە جیاوازەکان، یارمەتیدەرە لە ئاشکراکردنی لادانەکان، پێش چەند هێندبوون‌و زۆربوونی ئەو لادانانە، هەروەها پێویستە فەرمانبەرەکانی ناو یەك دامەزراوە پابەندبن بە ڕۆحی بەکۆمەڵ، بەیەکەوە وەك تیمێك کاربکەن، بەمەش دژوار دەبێت گەندەڵی لە نێوانیاندا بڵاوببێتەوە.
5. توێژینەوەکردن‌و پراکتیزەکردنی میکانیزمە ئاشکراو ڕاشکاوەکان، لەمیانەی دڵنیابوونەوە لە پابەندبوونی فەرمانبەرەکانی کەرتی حکومی بە بەرپرسیاریەتییەکانیان لەبارەی چۆنییەتی بڵاوکردنەوەی زانیاریی‌و گەیاندنی بە هاوڵاتییان، لەڕێگای چەندین

6. میکانیزمی ڕێکخراو بەیاساو وەڵامدانەوەی چەندین پرسیارو تێبینی هاوڵاتییان بە شێوەیەکی ئاشکرا.
7. هۆشیارکردنەوەی فەرمانبەرەکانی کەرتی گشتیو ئەو کەسانەی کە کار بە چەمکی گەندەڵی دەکەن، لەگەڵ ناسینی ڕێگاو شێوازە پێویستەکان بۆ لەناوبردنی، لەپاڵ گرنگی دروستکردنی شەفافییەت لە هەموو لایەنە کارگێڕیو داراییەکانو چۆنییەتی کارکردن بە نەزاهەت، بەپێی بەهاو پرەنسیپە سەرەکییەکان.

## گەندەڵی کارگێڕی

گەندەڵی: بریتییە لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتی بۆ دەستەبەرکردنی قازانجو دەستکەوتی تایبەت.

- گەندەڵی کارگێڕی بەڵایەکە هیچی کەمتر نییە لە هەر بەڵایەکی کوشندەتر، پێویست دەکات بەرەنگاری ببینەوەو ریشەکێش بکرێت، هەموو توانا بەردەستەکانی کۆمەڵگا دەکوژێت و لەنێو دەبات، ئینجا چ ماددی، یاخود توانا مرۆییەکان بێت.
- ئەوە روونە کە گەندەڵی کارگێڕیو دارایی مەزنترین بەربەستن لەبەردەم پەرەپێدانی کارگێڕی و داراییو مرۆیی. بایەخدان بەم بابەتە زیادبوو لەبەر چەندین هۆکار، لەوانەش: (کرانەوەی دەوڵەتەکان بەسەر یەکتر، خێرایی بڵاوبونەوەی زانیاریو زۆربوونی بەشداریکردنی گەل لە بریار).

## ئەو میکانیزمو سیاساتو ڕێوشوێنانەی کە دەبێت بۆ قەدەغەکردنی بڵاوبونەوەی گەندەڵیو کارگێڕیو سەڵاحیاتەکانی پەیڕەو بکرێت:

1. پەرپەرچدانەوەی یاسایی.
2. هۆشیارکردنەوەو چاندنی ئینتیمای نەتەوەیی بەشێوەیەکی گشتیو ئینتیمای وەزیفی بەشێوەیەکی تایبەتی لای فەرمانبەرەکان.
3. باشترکردنی دۆخی ماددی (پاڵنەرو پاداشتەکان) بۆ فەرمانبەر تاوەکو پێویستی بە وەرگرتنی بەرتیل نەبێت.
4. هەموارکردنو گەشەپێدانی ڕێسایە سیستماتیکە جێبەجێکراوەکان.
5. جێبەجێکردنی سیستەمی مۆدێرن کە پاراستنێکی باشتر فەراهەم دەکات.
6. بە ڕاشکاوی جێبەجێکردن و پەیڕەوکردنی سیاسەتی پاداشت و سزا.
7. بایەخدان بە پرەنسیپ و ئەخلاقیاتی وەزیفەی تازە.
8. وابکرێت فەرمانبەری گشتی هەست بە بەرپرسیارییەتی سەرشانی بکات.
9. بە بەردەوامی ڕێکخستنی خولەکانی ڕاهێنانی پراکتیکی، پێویستە لەڕووی کارگێڕی و ڕەفتارییەوە چالاک بکرێت.